# چەند هەنگاوێک بۆ ئەوانەی قژیان وشکە



بۆ ئەوانەی هەســـت دەکەن یان زانیویانە کەوا قژیان وشکە و ماددەی چەوری لە مووی قژیان کەمە، ئەم وشکییە کاریگەری دەبێ لەسەر جوانی و ڕێکخستنی قژ. چونکە جیاوازی هەیە لە نێوان ئەو قژەی چەورە یان تەڕە لەگەڵ ئەو قژەی وشکە، بە ئاسانی ڕێکناخرێت. بۆیە بیر لە چارەسەرێك بکرێتەوە بۆ ئەم گرفتە.

ئەمەش چەند هەنگاوێکە بۆ ئەوەی پارێزگاری لە قژی وشك بکرێ:

- کاتێـــك قژت وشـــك دەکەیتەوە ئامێری وشـــککەرەوە نابـــێ پلەی گەرمی زۆربێت.
- ماددەی تەڕکردن و چـــەور کردنی قژ بەکاربهێنە کە تایبەت هەیە بۆ قژی وشك.
- چاکترە بۆ ئەوانەی قژیان وشکە بە ڕێگەیەکی سرووشتی وشك بێتەوە نەوەك پەلەی لێبکرێ.
- شـــامپۆ بەکاربهێنە بەشـــێوەیەکی ڕێك نەوەك ماوەیەك بەکاریبهێنێت و دواتر وازی لێبهێنیت.
- مەهێڵە قژت زۆربەی کات بەر تیشکی خۆر بکەوێت بەتایبەت لە کاتەکانی نیوەڕۆ یان وەرزی هاوین.







# کڵاو وەک ئێکسوارێک بۆ جوانی و پاراستنی قژ



بـــۆ ئەوەی قژ بپارێزرێ لە گەرما و تیشـــکی گەرمی خۆر لە وەرزەی گەرما، پێویســـتە کەرستەیەك هەبێ بۆ ئەوەی پارێـــزگاری لە قژ بـــکات، دەتوانین لێرەدا ســـەیوان بەکاربهێنن وەك ئەوانەی لە وڵاتانی ڕۆژئـــاوا قژیان دەپارێزن. ئەمەش لەلای ئێمە هێشـــتا نەبۆتە مۆدە، بۆیە دەتوانین سوود لە کڵاو وەربگریـــن وەك ئێکســـوارێك بۆ جوانی و پاراستنی قژ. ئەم جۆرە کڵاوانەی لە وێنەکاندا دەیبینین جوانترین مۆدەی کڵاوە بۆ ئەو وەرزەی ئێستا، بەشێوەیەك لەگەڵ گشت جۆرە جل و قژێك دەگونجێت، چونکە شێوەیەکی بچووکی هەیە و ڕووخسار بەتەواوەتی دەردەخات. لەگەڵ ئەوەشدا لە چەندین ڕەنگی جیاواز درووست کراوە دەتوانی چەندین کڵاوی لەم جۆرەت هەبێ بۆ ئەوەی لەگەڵ گشت دەستە جلەکان بگونجێ. هەروەها وەك ئێکسسوارێکی پارێزگاری کردن لە قژ کاتێك ناهێڵێت تیشکی خۆر قژ وشك بکات.







# ڕێگەکانی شووشتنی ڕووخسار

بۆ ئەوەی ڕووخسار بە جوانترین و ناسکترین شێوە دەربکەوێ دەبێ لە نزیکەوە ئاگاداری چۆنیەتی پاراستن و ڕێگەی شووشتنی بین، بەمەش دەتوانین گەورەترین کاری جوانکاری بۆ دەم و چاو ئەنجام بدەین بەبێ ئەوەی نەشتەرگەری یان کەرستەی جوانکاری بەکاربهێنین. چەندین هەنگاو و ڕێگە هەیە بۆ ئەوەی ڕووخسار پێوەی پاك بکرێتەوە، بەلاَم چاکترین ڕێگە ئەوەی خوارەوەیە کەوا تاقیکردنەوەی جوانکاری لەسەر کراوە و ئەنجامێکی باشی هەبووە. ئەمەش هەنگاوەکانن :

- سەرەتا پێش ئەوەی ڕووخسارت بشۆیت بە قوماشێکی نەرم پاکی بکەرەوە، دواتر سابوون بهێنە..
- سەرەتا هەندێك لە سابوونەکە بە پەنجەی دەستتەوە بکە و بە جووڵەی بازنەیی بە ڕووخسارت دابهێنە تاوەکو سەرتاپای ڕووخسارت بە سابوونەکە دەبێ.
- بۆ شووشتنی ڕووخساری بێ لە نێوچەوانەوە دەست پێبکە، بۆ ئەوەی بێتە خوارەوە، نەوەك لە خوارەوە دەست پێبکەی. پاشان لووت بشورێ دواتریش ڕوومەت، ئینجا گەردن و مل.
- ئەو ئاوەی بۆ ڕووخسار شووشتن بەکاردەهێنرێ دەبێ گەرم نەبێ بەڵکو تا سارد بێ چاکترە، مەبەست ئاوێکی شلتێن بێ، ئەمەش بۆ ئەوەی خانەکانی پێستی دەم و چاو بکاتەوە.

# جوانی و تایبەتمەندی ڕەنگی ڕەش بۆ کراس



ڕەنگی ڕەش تایبەتمەندی و جوانی خۆی هەیە، بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ بۆنە و کاتی تایبەتی بەکاردەهێنرێ، بۆیە بە دایکی ڕەنگەکان ناسراوە، بۆ نموونە هەندێك شوێن و جێگە هەیە پێویستە ڕەنگی ڕەشی بۆ بپۆشرێت. لێرەدا گرنگی ڕەنگی ڕەش دەردەخەین، کە گرنگی و جوانیەکی ناسکی هەیە، ئەوەش دەزانین ڕەنگی ڕەش بۆ کاتی ناخۆش و تایبەت بەکاردەهێنرێت.


لە مۆدەی ڕەنگی ڕەشەوە باسی چەند جۆرە کراسێك یان فوستانێك دەکەین کە بەم ڕەنگە جوانە نەخشێنراوە مۆدەی دەبێ، جوانی ڕەنگی ڕەش کە بۆ کراس بەکاردەهێنرێت جوانییەکی سەرانجڕاکێشی دەبێ لە کاتێك ڕەنگی ڕەش لەگەڵ ڕەنگێکی دیکە تێکەڵ دەکرێ یان ڕەنگی دیکە وەك ڕەنگی یاریدەدەر لەگەڵ ڕەش بەکاردەهێنرێ. دەتوانن سوود لەم جۆرە ڕەنگانە وەربگرن کە لەم کراسانەدا بەکارهێنراوە. ئەم کراسانەش ئێستا مۆدەیەکی سەرەکییە لە مۆدەکانی وەرزی هاوین.



# چەند باخچەیەکی سەیر بە جوانترین شێواز دروووست کراوە

هەندێککاری سەرنج ڕاکێش هەن دەبنە جێگەی سەرسامی و گرنگی پێدانی مرۆڤ، کاتێك لەلایەن چەند کەسانێکەوە درووست دەکرێت یان ئامادە دەکرێت، لە ڕێگای درووست کردنی کەرستەی بچووك یان شتی گەورە، کارە سەیرەکان بەرەو هەنگاوی گەورەتر ڕێگەیان گرتووە، ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین ئەم جۆرە باخچەیەیە کەوا بە سەیرترین شێواز درووست کراوە. هەر یەك لەم باخچانە تەنیا لە شێوەی ئەندازیاری بۆ ڕووانی گوڵ و ئەم دارانە دادەنرێن، بۆیە توانیویانە سوود لە گوڵ و گەڵای دارەکان وەربگرن بۆ ئەوەی کارێکی سەیری لێی ئامادە بکەن. وەکو لە وێنەکاندا دەبینن کە چۆن بەم وێنانەوە دانراوە کە بریتین لە (کووندەبەبوو – مامزێکی چیایی شاخدار – منارە) ئەمانەش بە شێوەیەك درووست کراوە کە دەبێتە جیگەی سەرسامی مرۆڤ لە بواری ئەندازیاری لە گەڵای دار و باخچەکاندا.





# ئەمانە سەیرترین جۆری ئەڵقەی پەنچەی نەخشێنراون



لەگەڵ ئەوەی ڕۆژانە شتی تازە و سەیر درووست دەکرێت، کەرستەی بچووکیش دەبێتە یەکێك لەو کەرستانەی کە نمایش و شوێنی تایبەتی بۆ دابنرێ یان وەك کەرستەیەك ناوی بچێتە ناو کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان. ئەوەی لێرەدا باسی دەکەین جۆرە ئەڵقەیەکە جگە لەوەی ئەڵقەیە لەسەرەوەی چەندین شێوە باڵەخانەی لەسەر درووست کراوە.

ئەمانەش بریتین لە کارە سەرتاییەکانی گەنجێکی وڵاتی ئەڵمانیا کە لە بواری جوانکاری کار دەکات، ئەم جۆرە ئەڵقەیەی درووست کردووە، کە بووە بە جێگەی سەرنجی خەڵکانی جیهان، گشت ئەو ئەڵقانە لە زێڕ درووست کراوە و لەسەرەوەی ئەڵقەکانیش شێوەی خانوو یان باڵەخانە، یان کۆشکی مۆدە کۆنەکانی لەسەر نەخشێنراوە. لە وێنەکاندا بە ڕوونی دەبینرێ کە چۆن ئەم کارە بچووکە و وردە بەم شێوەیە نەخشێنراوە. بەمەش دەبێتە یەکێك لە سەیرترین کارەکانی بواری جوانکاری و ئەڵقە!



# كارتۆن وەک ژووری نووستن و حەسانەوە

وا مەزانن كەوا وڵاتی ژاپۆن پێشـــكەوتووترین و بە هێزترین وڵاتە لە بواری تەكنۆلۆژیا و داهێنانی تازە، چونكە چەند شتێك هەیـــە لەم وڵاتە ئەگەر بیزانیت لەوانەیە باوەڕی پێ نەكەیت، چونكە ئەوانـــە پێچەوانەی ئەم وڵاتەیە لـــەوەی نازناوێكی گـــەورەی هەیە بەهۆی ئەوەی كاری وا ســـەیر دەكات، یان بەرهەمیـــان دەهێنێت. یەكێك لەم وێنانە بریتیە لە كارتۆنێكی شـــڕو پڕ، كە ئەوەی سەیری بكات دەڵێ: ئەمە كارتۆنێكە و شتی تازەی تێدایە. بەڵام ئەگەر سەیرێكی ناوەوەی بكەیت، دەزانی مرۆڤی تێدایە، بەمەش ئەو وڵاتەت لەبەرچاو دەكەوێ كە بەم ناوە گەورەیە ناســـراوە. لـــە ژاپۆن ئەوەی لە بوارێكی چاكـــدا كارنەكات ژیانێكی ئەســـتەمی دەبێ. بۆیە ئەو مرۆڤانـــە ئەم شـــوێنانەیان دۆزیوەتەوە بۆ بەسەر بردنی شـــەو كەوەك پەناگەیە بۆ نووستن و حەسانەوە. ئەمەش كارێكی سەیرە بڕوانە چۆن ئەو پیـــاوە بەتەمەنە خۆی لەنـــاو كارتۆنێكـــەوە ناوە و لەسەر شەقامێك نوستووە.






# بەدلەیەکی بووک لە کێک نەک قوماش



یەكێك لەو كارە سەیرانەی لەم دواییە دروست كراوە، كە جێگەی سەرســـامی مرۆڤە ئاخۆ ڕێگەی دروست كردن و بیرۆكەی ئەم كارە ســـەیرە لە كوێوە هاتووە! ئەوەی دەیبینن سەیرترین كراسی بووكینی (بەدللە)یە، كە تا ئێستا كاری لـــەم جۆرە نەكراوە، بەمەش دەبێتە یەكەم بەدللەی بووك كە هەم كراسە و هەم خواردنە.

لـــە وڵاتی ئۆكرانیـــا كاتێك خانمێك لـــە كارگەیەكی شیرنەمەنی و هەویركاری ئیش دەكات، داوا لە هاوڕێكەی دەكات كە كراسێكی بۆ بكات لە ڕۆژی بووكینی لە خواردن دروست كرابێ نەك لە قوماش. ئەم خانمە ناوی (فالنتاین شـــیتفانۆ)ی تەمەن (٢٨) ســـاڵە، لەلایەن هاوڕێكەیەوە كراســـێكی بۆ دروست كرا بە كێشی (٩) كیلۆگرام كە لە ماددەی قشتە و كرێم ئامادەكرابوو بە ماوەی (٢) مانگ. ئەوەی ســـەیر بێ بووكەكە دەبوایە لە ڕۆژی ئاهەنگ بە هێواشی هەنگاو بنێ نەوەك كراسە كێكەكە بشكێ!



# شێوەی چەند باڵەخانەیەکی سەیری ئەندازیاری





ڕۆژانە کاری سەیر دەکەوێتە بەرچاومان لە بواری درووست کردنی باڵەخانە و کاری ئەندازیاری بۆ درووست کردنی باڵەخانەی شێوە تێکەڵاو، بەمەش دەتوانن ئەو بیرۆکانەی لە مێشکیاندایە لەلایەن ئەندازیارەکانەوە بکرێت بە شێوەی ئەندازیاری ڕاستەقینە. لە بەرچاوی ئێمەش کارێکی سەیر دەبێ و بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن بەم شێوە سەیرە درووست کراوە.

ئەوانە وێنەی چەند باڵەخانەیەکن کە بەشێوەیەك درووست کراوە کەس بیرۆکەی بۆ ناچێ کە چۆن ئەم باڵەخانانە بەم جۆرە درووست دەکەن، ئەوانەی لەم وێنانە هەیە باڵەخانەی ڕاستەقینەیە و شێوەکانیش بریتین لەم شێوانە : (دوو باڵەخانە لە شێوەی کەشتی – شێوە ستوونێکی لوولەیی – شێوەی کێك – ئەوەی دیکەش لەشێوەی دارە). ئەمانەش دەبێتە سەیرترین شێوەی ئەندازیاری لەم چەند ساڵەی ڕابردوو، پێشبینی بکەن باڵەخانەی سەیرتر لەوانەی ئێستا درووست دەکرێ و دەبن بە شتی سەمەرە لەبەرچاوی خەڵك!

# سەیری ئەو پیاوە بکەن چی لەخۆی کردووە



خۆ ڕەنگ نەبوو وڵاتی چین بووە ئەو وڵاتەی کە پێشوازی لە یارییەکانی ئولۆمپیاد بکات، چونکە وا دەزانن جیهان تەنیا بۆ ئەوانە. چەندین کاری سەیر ئەنجام دەدەن و خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەو بۆنە جیهانییە کە لە مانگی داهاتوو واتە مانگی (ئاب) دەبێتە سەرەتای دەست پێکردنی یارییەکانی ئۆلۆمپی (٢٠٠٨).

تا ئێستا ئاڵایەکی تایبەت بە یارییەکانی ئۆلۆمپی دانراوە کە بریتییە لە چەند ڕەنگێك، ئەوەی سەیر بێت پیاوێکی ئەو وڵاتە هەڵساوە بۆ ئەوەی کارێکی سەیر بکات ئەویش ئەوەیە کەوا ئاڵای ئولۆمپی لەسەر سەری خۆیدا نەخشاندووە. بۆیە بیرۆکەی بۆ کارێکی سەیر چوو ئەویش ئەوەیە کەوا بە (دەمبووس)ی تایبەت سەری پڕ بکات تاوەکو هێمای ئاڵای ئولۆمپی دەربچێ، ئەم پیاوە ناوی (وی شنگانگ)ە و کاری خۆی دکتۆرە، کەچی بەم کارە سەیرەی دەبێتە یەکێك لە هاندەرە سەرەکیەکانی ئولۆمبیادی ئەو وڵاتە!



# چەند بیرۆکەیەکی سەیر لە جێگەی ئـ

وەکو دەزانین کەوا نەوت و بەرووبوومەکانی بەرەو نەمان دەچێت لە ماوەی (٥٠ – ١٠٠) ساڵی دیکە، ئەمەش بەپێ تازەترین لێکۆڵینەوەی زانستی دەربارەی ئەو وزە سرووشتییە. بۆیە دەبێ مرۆڤ بیر لە وزەیەکی دیکە بکاتەوە کەوا جێگەی نەوت و بەنزین بگرێتەوە لە کاتێك کە ئەو دوو وزەیە دەست ناکەوێت.

ئەوەی لەم دوو وێنە سەیرە دەیبینن یەکێکە لەو بیرۆکانەی



# نازناوی شاجوانی حیجاب بەم خانمە بەخشرا

دوای ئەوەی ناکۆکی هەبوو لەسەر دانانی شاجوانی حیجـــاب، کە لە هەندێك لایەنەوە دژایەتی ئەم نازناوە دەکرا بۆ ئەوەی ئەم کارە نەکرێ چونکە لەگەڵ گەورەیی حیجاب نابێ. ئەوە بوو لە وڵاتە ئیســـلامییەکان نەکرا



بەڵکو لە یەکێك لە وڵاتانی ئەورووپا سازکرا.

دوای ئەوەی خانمێکی وڵاتی عێراق لە پێشـــبرکێ دەبێ لەگەڵ (٤٦) خانمی حیجاب بەســـەری دیکە، دواتر نازناوەکـــە بەم خانمە دەبەخشـــرێت، ناوی ئەم شـــاجوانە (هودا فـــەلاح)ە و تەمەنی (١٨) ســـاڵە، ئەمەش یەکەم پێشبڕکێ دەبێ کە لە وڵاتێکی ڕۆژئاوا ئەنجام بدرێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ.

# مامۆستا دەبێ قاچی قوتابی بشوات



زانیومانە هەردەم قوتابی دەبێ خزمەتی مامۆســـتا بکا، لەگەڵ ئەوەشـــدا مامۆســـتا ئەرکی زانست پێدانی قوتابی هەڵدەگرێت. ساڵانە ڕۆژێك هەیە لە وڵاتی کۆریا کە تایبەت کـــراوە بۆ ڕۆژی ڕێزگرتن لە قوتابیان و ئەو زانســـتەی بە قوتابیـــان دەدرێ. بەڵام یادکردنەوەی ئـــەو ڕۆژە لەوپەڕی سەرســـامییە و دەبێتە شتێکی ســـەیر لەلای ئێمە. کەچی لـــەلای ئەوانیش بە شـــانازیەوە جێبەجێی دەکەن کە تایبەتە بە مامۆستا!

ئەم یادەش لـــە (١٤) مانگی ئایار یاد دەکرێتەوە، دەبێ لەم ڕۆژە هەر مامۆســـتایەك و پێی (١٠) لە قوتابییەکانی بشوات، ئەمەش وەك ریزگرتنێك بۆ قوتابی و پەیوەندی نێوان مامۆستا و قوتابی زیاتر بکات، نەوەك بە پێچەوانەوەبێ.

وەکو لە وێنەکاندا دەبینن چۆن مامۆســـتایەکی بەتەمەن قاچی قوتابییەك دەشـــوات وەك ریزگرتنێك لەم ڕۆژەی کە لەلای ئەواندا بە ڕۆژێکی جوان و تایبەت ناسراوە.



# لە پیاوەوە بۆ ئافرەت و دیسانەوەش بۆ پیاو

مـــۆدەی کاری ڕەگـــەز گۆڕین لەلای مـــرۆڤ بۆتە شـــتێکی ئاسایی، کە ئەوەی بیەوێ خۆی لـــە ڕەگەزێکەوە بـــۆ ڕەگەزێکی دیکـــە بگۆڕێـــت تەنیـــا چەند نەشتەرگەری دەوێ، بەڵام لەلای ئـــەم ملیاردێـــرە بەریتانیـــە ئەم نەشتەرگەریە بە شتێکی ئاسایی دانـــراوە و دەیەوێت لـــەم ڕێگەیە بزانێت جیهانـــی ئافرەت چییە و چۆنە. دوای ئەوەی نەشتەرگەری ئەنجـــام دەدات بۆ ئەوەی ببێت بە ئافـــرەت، بۆیە نەشـــتەرگەریەکە




ســـەرکەوتنی دەبێ و دوای چەند نەشتەرگەری جوانکاری و جەستی دەبێتە ئافرەت بە ناوی (سامنتا)، یان نیوە ئافرەتێـــك، چونکە وەك ئافرەتی ئاسایی نەبوو.

پاشـــان لە جیهانی ئافرەت بێزار دەبـــێ و دەیەوێ دووبـــارە ببێتە ئـــەو پیـــاوەی پێشـــوو، بەمەش ســـەیرترین داواکاری داوا دەکات کـــە بکرێتەوە بـــە پیـــاو. بۆیە دوای نەشـــتەرگەریەکی گەورە و چاندنەوەی کۆئەندامی زاوزێ بۆ پیاوەکە کە لە پارچەیەکی سکی لێکراوەتـــەوە و کراوەتـــە ئەندامی نێرینە. ئەم پیاوە ناوی (ســـام)ە و ئێســـتا بۆتەوە نیمچە پیاوێك کە سیمای ئافرەتی پێوە دیارە.

## ـــــوتۆمبێل

کەوا بۆ ئەو مەبەستەی ســـەرەوە ئامادەکراوە، هەروەها جێبەجێ کراوە. بیرۆکەکەش بریتییە لە ئامێرێکی دروســـت کراو لە دار، کە لە شێوەی بە ماتۆر دەچێ بە هێزی پێ دەڕوات وەك (پەیدان لێدان)وایـــە. وەکو ئەو پیاوە نیمچە ڕووتـــە بەو ئامێرە هاتووچۆ دەکات. هەروەها بیرۆکەی دووەمیش گەڕانەوەیە بۆ ســـەردەمی (کـــەر و عارەبانە)، ئەمەش چاکترین ئامێـــری هاتۆچۆیە کە مەسرووفی کەمە و بۆ گشت کات و شوێنێك دەبێ.

# مراویش یاسای تایبەتی هەیە






لە وڵاتی نیوزیلندا ڕۆژانە بە بەرچاوی خەڵکەوە شتێکی سەیر دەبینرێ کە جێگەی جوانی و سەرسوڕمانی خەڵکە ! ئەم شتە سەیرەش بریتییە لە کۆمەڵە مراوییێکی کێوی کە لە لایەن کەسێکەوە بەخێو دەکرێن، ڕۆژانە بەشێوازێکی ڕێك و بەبێ لادان لەسەر یەك هێلی تایبەت دەڕۆنە ڕێوە، ئەم کۆمەڵە مراویە بەرەو دەریاچەیەك ڕێگە دەگرن و لە کاتێکی تایبەتیشدا بەرەو ماڵی خاوەنەکە یان دەگەڕێنەوە.

ئەوەی سەیر بێ کاتی ڕۆیشتن و گەڕانەوەیان دیاری کراوە و یەك خولەك دوا ناکەوەن. لەگەڵ ئەوەشدا شێوەی ڕۆیشتنیان ڕێکخراوە و مراویە مێیەکە لە پێشەوە دەڕوات لەگەڵ (٨) بێچووەکەی لە دواوەی، لە کۆتاییشدا نێرەکە لە دوواوەیانە بۆ ئەوەی ئاگاداریان بێ. بۆ هیچ شتێك لە ڕێگەیان لانادەن هیچ شتێکیش لەسەر ڕێگەیان ناخۆن. دووری ئەو دەریاچەیە لەگەڵ ماڵەکە دەگاتە (٥٠٠) مەترا!

## بۆ ئاسوودەیت

* پیاوێك لە کاتی شەیتان ڕەجم کردندا، بەردی پێنامێنێت و (تف)ێك دەهاوێت..
پێیدەڵێن : بۆ واتکرد ؟؟
ئەویش دەڵێت : ئەگەر شەیتان حەیای هەبێت ئەوەندەی بەسە!

* ڕۆژێکیان پیاو و ئافرەتێك پێکەوە لە ماڵ دەبن لەگەڵ منداڵێکیان، پیاوەکە دەڵێت : ئافرەت ئەگەر ئەو منداڵەی ئێستامان کچ بوو ناوی لێدەنێن (ئاسیا)..
منداڵەکەش بۆ بەیانی دەچێتە قوتابخانە، مامۆستا لە وانەی جوگرافیا دەپرسێت و دەڵێت: کێ دەزانێ کیشوەری ئاسیا دەکەوێتە کوێ؟!
منداڵەکەش دەڵێت : لە ناو سکی دایکمە!




## کڵاوێکی تایبەت بۆ سەرخەوێك

زۆر جار بەهۆی ماندوو بوونەوە مرۆڤ خەوی دێ ئەگەر لەهەر شوێنێك بێت حەز دەکات سەرخەوێك بشکێنێ، بەڵام جاری وا دەبێ ئەو شوێنە بۆ خەو نابێت بەهۆی قەڵەباڵغی یان نەبوونی جێگەی پێویست بۆ درێژ بوون. ئەمەش بیرۆکەیەکی دەوێ تا لەم گرفتە ڕزگارمان ببێت.

لە وڵاتی ژاپۆن بۆ ئەو کاتەش چارەسەر دۆزراوەتەوە، بۆ نموونە کاتێك لەناو پاسدا یان هەر ئوتۆمبێلێکی دیکە گەر بێت و خەوت هات، دەتوانی ئەم جۆرە کڵاوەت هەبێ کە تایبەت درووست کراوە بۆ نوستن. کڵاوەکە سەری مرۆڤ دەگرێت و ناهێلێت جووڵە بکات ئەمەش چونکە مرۆڤ لەکاتی نووستندا سەری بەرەو لایەنێك دەکەوێ، لەگەڵ ئەوەشدا لە دواوەی کڵاوەکە گیرەیەك هەیە کە کڵاوەکە بە جام یان دیوارەوە دەبەستێتەوە، ئەوەش تاوەکو مرۆڤەکە ڕاوەستێنێت لە شوێنی خۆی. لە پێشەوەی کڵاوەکەش نووسراوە (تکایە بانگم مەکە تا خۆم هەڵدەستم، بێدەنگیت جێگەی حەسانەوە و سوپاسی منە)، خەوێکی خۆش!


## کەلووەکان

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩




بتوانە بەرژەوەندییەکانت بۆ تاکە کەس بێت، نەوەك بۆ گشت، چونکە زۆر کەس لە پەنای بەرژەوەندییەوە کاری خۆی لەگەڵت ئەنجامدا و تۆش زەرەرمەند بووی، هەفتەی داهاتوودەکەویتە بارودۆخێکی باشەوە. زۆرجار پەیوەندی هاوڕێیەتی دەبێتە خۆشەویستی. ئاگاداری بواری دەروونیت بە.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠




کارەکانی داهاتووت بە ئەرکەوە دەبێت بۆیە خۆتی بۆ ئامادە بکە چونکە تووشی گرفت دەبییەوە، لە دوو دڵی دوور بە. واچاکە گەشتێك ئەنجام بدەی. لەکارەکەت زۆر سەرکەوتوو دەبێ دەبێتە ڕەزامەندی بەرپرسەکەت.ئاگاداری هاوڕێکانت بە تەنها پشت بەتواناکانی خۆت ببەستە

### دووانە ٥/٢١ - ٦/٢٠




ئەوەندە گرنگیت بەو کەسە داوە ئێستا لەخۆبایی بووە، بۆیە ماوەیەك هەوڵبدە لێی دوور بکەویتەوە چونکە ئەو بە هەڵە تێگەیشتووە لێت، ڕێگەیەکی باش هەڵبژێرە بۆدەربڕینی هەست ونەستەکانت. ماوەیەکە هەست بەدڵتەگی دەکەی پێویستیت بە هاوڕێیەکە بۆئەوەی یارمەتیت بدات و ڕزگارت بکا لەو ناخۆشییە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢




لەلایەنی خۆشەویستیەوە بەپێچەوانەی هەفتەی ڕابردووت بەرەو باشی دەڕۆیت. پێ بکەنە بە ڕووی ژیانەوە، پەیوەندیەکی خۆشت بۆدێت. ماوەیەکە خەریکی کارێکی گرنگی بەڵام ئەنجامێکی گەورەی نابێت، بۆیە ئەوەندە خۆتی بۆی ماندوو مەکە و بە سادەیی وەربگرە.

### شێر ٣/٢٣ - ٨/٢٢



لەم ماوەیە کارێکی قورست پێ ڕادەسپێیدرێت، ئەو کاتانەی پێویستیت بە فیرۆ مەدە و سوودیان لێوە وەربگرە. لەگەڵ کەسێك کاتێکی خۆش دەبەنە سەر، دوودڵ مەبە لەداواکردنی یارمەتی لەهاوڕێکانت. هەموو هەوڵێکت بۆئەوە نەبێت کەزۆرترین سەرمایە بەدەست بهێنی، پێویستیت بەرێکخستنی کارەکانتە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢




دەبێت بۆچوونی کەسانی دەوروبەرت قبول بێت.ئەوکەسەی تۆخۆشتدەوێ لەوماوەیە چاوت پێ ی دەکەوێ،هەست بەئارامیەکی زۆر دەکەی. و بیر لە گرفتەکانت مەکەوە چونکە زیاتر بۆت ناخۆش دەبێت، ئەو کەسەی لە دڵتە بۆت باش دەبێت و یارمەتی بدە.

ئیوان گەردی


## کەلــــوەکــــان

**تەرازوو ٩/٢٣ - ١٠/٢٢**




دەســت بڵاو مەبە وخۆش باوەڕیت وات لــێ دەكات کــە تووشــی کێشــەوگرفت ببیــەوە. پێکەنین هۆیەکــی باشــە بۆلابردنــی خەمەکانت. کاری ئەمڕۆت مەخەرە ڕۆژی داهاتوو لەماوەیەکی نزیکدا تووشــی داوی خۆشەویســتی دەبیت بۆ ئەوەی خۆت ئاگاداربیت، لەهەســتی کەسی بەرامبەرت بگە.

**دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١**




هــەوڵ بدەگۆڕانــکاری بکــە لەپەیوەندییەکانــت بۆئەمــەش دەبێت گەشــتێك سازبدەی، ئاگات لەوکەســە بێــت کەنهێنــی لەلا دەدرکێنی. پارێــزگاری لە نهێنیەکانت بکە ئــەم ماوەیەی داهاتوو دەبێتە کاتێکی خۆش بۆت، ئەوەندە متمانەت بەخۆت نەبێت چونکە باش نییە بۆت.

**کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١**




دەوروبــەرت حەزدەکــەن لەگەڵت بدوێن چونکە ئێستاباشــترین کاتە بۆخۆســەلماندنت لەکاروپیشەکەت. پەلە مەکە لەکارەکانت ئەوکەسەی تــۆ هەڵتبــژاردووە زۆرگونجاوە. پێویســتە لەســەرت بیرکردنەوەکانــت فراوانتربکەی. تووشی خەمۆکی دەبیت.لەبواری سۆزدارییەوە بەرەو باشــی دەڕۆیت.لەوماوەیەدا تووشــی هەندێ گرفتی خێزانی دەبیتەوە.

**گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩**



پێویســتیت بەگــەڕان هەیــە بۆحەسانەوەی مێشك ودڵ ودەروونت. خاوەن کەسایەتیەکی توڕەی ئەگەر وابڕوات تووشــی کێشەی گەورەتر دەبیتەوە، تووشــی هەندێ کێشــە دەبیــت، لەڕووی داراییەوە هەواڵی خۆشــت بۆدێــت، ئەوکەســەی تــۆ لەخەیاڵی دای خەریکە ئەویش بیرت لێ دەکاتەوە، ماوەیەکی کورت لەبەردەمتە بۆئەوەی بتوانی ڕازونیازی خۆتی بۆ دەرببڕی.

**گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨**



گەشــبینی بەردەوامــت وات لێ دەکات کەکەســایەتی بەهێــز پێك بهێنی. زۆرکەس هــەن حەزدەکەن لێت نزیــك ببنەوە ئــەو توانایەی هەتە ســەرفی مەکە بەڵکــو بیرلەوەبکەرەوە کەخــۆت بگونجێنــی لەگــەڵ کارەکەت. ســەرەڕای ئەوەی تووشــی هەندێ گرفت دەبیت بەڵام بەیارمەتی ماڵەوەتان بەشــێکی زۆری کێشــەکانت بۆ چارەسەر دەبێت.دەست بەلایەنی داراییت بگرە.

**نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠**



کێشەت لەگەڵ هاوڕێکەت وات لێ نەکات کەتووشــی خەمۆکی ببیت وواز لەهەمــوو برادەرانت بهێنی. خۆشەویســتەکەت دەرفەتێکت پێ دەدات تۆش ئەو دەرفەتە لەکیس خۆت مەدە وهەوڵ بدە لەیەك بگەن وبکەونە گفتوگۆبۆ دوارۆژێکــی ڕوونــاك. ئــاگاداری باری تەندروســتی خۆت بــە. کاتێکی باشــت لەبەردەمە بۆئەوەی گەشتێك بکەی.

iwan_gardi@hotmail.com

# دۆزینەوەی هۆزێک تا ئێستا نازانن جیهان چۆنە

دوای ئەو پێشکەوتنەی لە جیهاندا دەبینرێت و ڕۆژانە خەڵکانــی جیهان بەرەو داهێنانی تــازە ڕێگە دەگرن، کەچــی هەندێك خەڵك یان چەنــد هۆزێك لە جیهاندا هێشتا ئاشنای جیهان نین و بەڵکو لە شوێنێکی نهێنی و ون ژیان بەســەر دەبەن. ماوەیەك پێش ئێستا تیمێکی بەرازیلی بۆ دۆزینەوەی چەند هۆزێك کە تا ئێســتا بە جیهان نەناسراون و نازانن لە دونیادا چ باسە.

کاتێك تیمەکە دارستانەکانی ئامازۆن دەپشکنن دوای (٢) ڕۆژ لە گەڕان بە شــوێن ئــەو هۆزە کە بەهۆی مانگــی دەســتکردەوە وێنەیان گیرابــوو، دۆزرانەوە! ئەمــەش بە هــاوکاری ڕێکخــراوی (ســورفایڤل). ئەم هــۆزە دۆزراوەتەوە گشــتیان بەبــێ جلوبەرگن، ژمارەیان نزیکەی (١٠٠) کەســێك دەبێ و بەبێ هیچ پێشــکەوتنێك ژیان بەســەر دەبەن. ئەم هۆزە وەکو ئەو مرۆڤانەن کە لەســەردەمی کۆنەوە ژیانیان بەڕێکردووە و خواردنیان لەســەر ڕاوکردنی گیانداران دابینکردووە. وەکــو لە وێنەکانــدا دەبینن کە چۆن بەم شــێوەیەن و خانووەکانیشیان چۆنە!





## بۆ زاخــاوی مێشک

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | |

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، بە سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە:

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٣+٤ ) کۆ بکەیتەوە بە مانای (شوێنی بەرز لە دەشت )
- پیتی خانەکانی (٤+٧+٨) کۆ بکەیتەوە بە مانای (ژمارەیەك لە دوای ژمارە یەك )
- پیتی خانەکانی (٤+٥) کۆبکەیتەوە بە مانای ( ڕێنووسی ژمارە (١٠)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٥) کۆ بکەیتەوە بە مانای (خەڵك بە زمانی سیاسی – هۆڵێکی شانۆیە لە هەولێر )!

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (حەسەن زیرەك) بوو